# لە یالانپێ تا گولان:

## نیو سەدە خەبات و قوربانیی و بەرگری لە دین و ئەخلاق

جیهاد قەرەداغی

ئەگەر چی باسکردن لەکەسایەتییەکی وەکو مامۆستا مەلا ئەحمەد کەمێك قورس و گران لەسەر نوسین دەکەوێتەوە، بەحوکمی ئەو ژیانە چڕو بێ وێنەیەی کە لەمنداڵییەوە هەتا کاتی کۆچی دوایی چەشتوویەتی، بەلام هەرچی بێ ناوبراو کاتێك کە لە یالانپێ و لە ناوەندی سەقافەت و ڕۆشنبیری ئیسلامییەوە پێدەگات، هەر زوو باوکی دەینێرێتە بەر حوجرەو لە زانکۆی حوجرەکانەوە فێری خواپەرستیی و عیلم و فەلسەفەی ئەو ڕۆژگارە دەبێت.

ئەمە ئەوەمان بۆ ئەسەلمێنێ کە مامۆستا هەر لەبەرە بەیانی تەمەنییەوە لەگەڵ قورئان و فەرموودەکاندا دەست و پەنجەی نەرم کردووەو ئالوودە بووە بە فیقهو سیرەو زانستی ئیسلامی و لەوێشەوە بۆ ئیشکردن لە کاری ئیسلامییانەو خۆ خەریك کردن بە ڕەوتی خزمەت بە دینی خوا، بەلام لەکام ڕێگەوە لەو ڕێگەوەی کە بەردو شاخەکانی هەورامان فێری دەکەن کە بوێربێت و ئازابێت و خاوەن ئیرادەیەکی لە بن نەهاتووبێت، چونکە تۆ چەندە بەهێزبیت دوژمنەکەت دە ئەوەندە بە تفاق و کەل و پەلی مۆدێرنەوە ڕوبەڕووت دەبێتەوە، بەهەرحاڵ مامۆستا هەر لەتەمەنی لاوییەوە خولیای خزمەت بوو بە کاری ئیسلامی و لەکۆتایی حەفتاکاندا ڕۆشتە ناو ئەو کایە حەساس و گرنگەوە کە زۆرکەس لەو سەردەمەدا گاڵتەی پێ دەکردو خەڵکیش بڕوای وابوو کە تیشکی خۆر بە بێژنگ دەگرێ، بەلام هەر زوو لەناو ڕێڕەوەکانی ئەو سەرمایە گەورەیەدا خۆی بینیەوەو لەگەڵ کەڵە پیاوەکانی ئەو سەردەمەدا ئاشنا بوو، وە بوویە قوتابی مەدرەسەی جیهادو قوربانیدان لەپێناوی ئایینەکەیدا.

مامۆستا کەسایەتییەکی نەوعی تا ئەوپەڕی بێ خەوش بوو، هەر بۆیە تا ڕۆژی کۆچکردنیشی هەر بەبێ خەوشی مایەوە، هەر لەسەرەتاوە دیار بوو کە مامۆستا ئەحمەد دەبێتە سەرکردەو دەبێتە ڕێبەرو ڕۆژگارێ دێتە پێشێ ڕێنمایی سەردەمێك دەکات، هەر بۆیە پاش دروستبوونی بزووتنەوەی ئیسلامیی لە ساڵی (1978) دا ئیدی بە نهێنی لەگەڵ هاوەڵەکانیدا درێژە بە ئەو کاروانە دەدات و خزمەت دەکات، ناوبراو نزیکایەتی زۆری لەگەڵ زانا بەڕێزەکان و مامۆستا ئاینییەکانی ئەو سەردەمەدا هەبوو کە نموونەو قوتابخانەی زانست و کاری ئیسلامین، هەر بۆیە لەساڵی (1987)دا کاتێ بزووتنەوەکەی ئیعلانی جیهادی دژ بە ڕژێمی بەعس کرد ئەوو بنەماڵەکەی یەکێك بوون لەوانەی ڕێی هات و نەهاتی ئەو سەردەمەیان گرتە بەرو سنووری کوردستانیان بەزاندو لەشاخ و هەردەکانەوە دژی سوپای ترسناکی بەعس جیهادیان کرد، بەلام سەد حەیف پاش ئەو هەموو قۆناغ و قوربانیی و تەمەنە بەئەزموون و سیفاتە سەرکردەییەی، پاش ئەو هەموو بڕینی شارو ناوچەو گوندە دوورو تولانیانە، دڵە گەورەکەی لە بەرەبەیانێکی موحەڕەمدا لە لێدان کەوت، بەلام خۆشبەختی بۆ ئەو چونکە گەڕایەوە بۆ گولانێك کە ئێستەش بۆنی مامۆستا مەلا عوسمانی لێ دێ و ئەو ڕێنوێنی ئەو گۆڕستانە دەکات.